# مێژووی دێرینی کوردستان

## کتێبی یەکەم

**فاضل قەرەداغی**

١٤٢٥ی کۆچی–٢٠٠٤ی زاینی

ئەم کتێبەو هەموو ئەو ماندووبوونەی ئەم کتێبەی هێنایە بەرهەم
پێشکەش بە
قوتابییانی مێژوو لە زانکۆکانی کوردستان
بە ئومێدی نەوەیەک بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت

زانستپەروەر
و
دوور لە دەمارگیری

# ناوەرۆک

پێشەکی
چەند تێبینییەك لەبارەی نووسینی مێخییەوە
کورتکراوەی سەرچاوەکان
کورتەیەك لەبارەی سەردەمە مێژووییەکانی وڵاتی دووڕوبارەوە

**یەکەم – نووسینەکان**

وردە فیرعەونەکانی کوردستانی کۆن .........
خامازی .. لە دەوڵەتێکی گەورەوە بۆ گوندێکی بچووك ......
ئورکـێش ......................
وێنەی جەنگاوەرێك..نەخشەکەی هۆرێن- شێخان ......
پادشا گوتییەکان و نووسراوەکانیان ............
کەرکووك‌و پادشایەکی کۆنی ............
لوبدی..مێژوویەکی نەناسراو ...........
لەشکرکەشییەك لە دەشتی (کەرکووك) و (هەولێر) .......

**دووەم– وەرگێڕانەکان**

لەوحەکەی سامەڕرا / *لە فەڕەنسییەوە* .............
سیمورروو و زابان / *لە ئەڵمانییەوە* ....... .......
نامەیەکی سەردەمی ئەکەد (لەبارەی گوتییەکانەوە) *لە ئینگلیزییەوە* .......... ......
ئاربائیلو..ئوربیلوم..هەولێر / *لە ئەڵمانییەوە* ...........
شیکشاببوم ..شارێکی سەرسامکەر / *لە ئینگلیزییەوە* ......

بسم الله الرحمن الرحیم

## پێشەکی

ئەم کتێبە کۆی چەند بابەتێکە کە لە (١٩٨٦)ەوە تا (٢٠٠٣) بڵاوکرابوونەوە. هەندێك لەوانە لەنێوان ١٩٨٤-١٩٨٩ نووسرابوونەوەو هەندێکی تر لەچەند ساڵێك دواتر.

بەشێك لەوانەی ١٩٨٤ تا ١٩٨٩ ئیشم بۆ کردبوون لە گۆڤارەکانی (کاروان)و (ڕۆشنبیریی نوێ)و ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکرانەوە. ئەمانە لەگەڵ بابەتی دیکەم لە دوو توێی کتێبێکی دوو بەشیدا کۆکردەوە بەنیازی لەچاپدانیان بەڵام ئەو کاتە ئەوەم بۆ نەکرا. پاش نزیکەی دە ساڵ (١٩٩٧ بەدواوە) نووسینە بڵاونەکراوەکانم بۆ گۆڤاری (ڕامان) نارد (هەروەها بابەتی نوێتریشم نارد کە هەموویان وەرگێڕان بوون)و دواتر بابەتی دیکەم لە گۆڤاری هەزارمێرد بۆ بڵاوکرایەوە.

ئەم بەشەش کە ناومناوە((کتێبی یەکەم)) کۆکراوەی ژمارەیەك لەو بابەتانەیە، ئەوانی تریش پشت بەخودا ((کتێبی دووەم)) دیانگرێتەخۆ.جگە لەمانەش کەمێك نووسین دەمێنن، یەکێکیان ڕەخنەیە لەکتێبێك کە بۆ دەرفەتێکی ترو لەگەڵ ڕەخنەی تر هەڵمگرتووە، دوو نووسینی تریش کە کەم تا زۆر لەگەڵ بابەتەکانی تر تێهەڵکێش کراون و پێویست ناکات جارێکی تر بەجیا بڵاوببنەوە.

بەم جۆرە ئەم کتێبە کۆکراوەی دوو جۆر بابەتە: نووسین و وەرگێڕان. بەڵام ئیشی ئێستام تەنها کۆکردنەوە نییە چونکە زۆر لەوانە گۆڕانکاری بەسەر زانیارییەکانیاندا هاتووە: نەختێك لێکەم کردن و بڕێکی زۆری زیادکردن[1]. جگە لەوەش بەسەر یەك بەیەکی زانیارییەکان و پەراوێزەکاندا چوومەتەوە، سێ یان چوار پەراوێز نەبێت و گەڕامەوە بۆ هەموو سەرچاوەکان نەوەکو خۆم هەڵەم کردبێت یان ئەو گۆڤارانەی ئەم بابەتانەیان بۆ بڵاوکردبوومەوە هەڵەی چاپیان کردبێت، لەلایەکی ترەوە وەرگێڕاوەکان کەمترین بەشی پێداچوونەوەیان بەرکەوتووە[2].پاش نزیکەی هەشت مانگیش لە ئیشی بەردەوام لە پێداچوونەوەو زیادکردنی زانیاری هێشتا بەپێویستم زانی دوو وشەی واتاداری (( چاپی یەکەم)) لەم کتێبە بنێم.

نووسینی ((چاپی یەکەم))یش لەسەر هەر بەرهەمێك نیشانەی یان ئەندازەیەك باوەڕکردنە بەخۆ یان هەمان ئەندازەی فیزکردن و خۆ بەشت زانینە. بەڵام مەبەستێکی تەواو پێچەوانەی ئەوە لەپشت نووسینی ئەم دوو وشەیە لەم کتێبەدا هەیە. مەبەستی من ئیعترافە بە کەموکورتیی مرۆڤ کە چەند هەوڵ بدات و چەند خۆی ماندوو بکات هێشتا بەرهەمەکەی پێویستی بەوەیە جار لەدوای جار پێیدا بچێتەوەو بە چاپی دوایەمینی نەزانێت.

ئەمە کتێبێکە هەوڵم داوە بەوردی بینووسم و چی سەرچاوە هەیە ئەگەر سوودەکەیان تاکە وشەیەکیش بێت بەکاریان بهێنم، سەرچاوەکانیش تایبەتمەندن بەو جۆرە باسانەو بە سێ زمانی ئەوروپین، بەڵام هێشتا بەنوسخەی دوایەمینی نازانم. ئینجا چۆن لام سەیر نابێت کەسانێك شت لەسەر مێژووی کۆن دەنووسن کە بەشی هەرە زۆریان وڕێنەن و هێشتا قەناعەتێکی پتەویشیان بەو وڕێنەیە هەیە کە دەینووسن؟ زۆربەی ئەمانە بێ هیچ توێشوویەکی زانستی دەستیان داوەتە ئەو کارە. دەڵێم "هیچ" و مەبەستم لە واتای تەواو و ڕاستەقینەی وشەکەیە.

کۆتایی ساڵی ١٩٩٨یش بوو کە لەپێشەکیی کتێبی ((مێژووی گەلی لوللو))مدا نووسیبووم کەوا هەرچەندە بەشێك لەو سەرچاوانەی لەو کتێبەدا بەکارهاتوون دەگەڕێنەوە بۆ زیاد لەسەدەیەك لەمەوبەر کەچی ئەوانەی شت لەبارەی مێژووی کۆنی کوردستانەوە دەنووسن و ئەو جۆرە سەرچاوانە بەکاردەهێنن ناگەنە پەنجەی یەك دەست. دیارە ئەوکاتە زۆر گەشبین بووم چونکە

[1] چونکە بابەتەکانیش بەجیا بڵاوببوونەوە پێویستی کردبوو بۆ هەر یەکیان ڕوونکردنەوەو زانیاری دووبارە بکەمەوە، لەم کۆکراوەیەشدا ژمارەیەك لەو زانیارییانە دووبارەبووانەم هێشتەوەو ژمارەیەکی ترم لابردو لە یەك بابەتدا نووسیمن.

[2] هەڵەی چاپی (کاروان)و (ڕۆشنبیریی نوێ)و (هاوکاری) کەمن چونکە تایپیێستەکان عەرەب بوون بۆیە زۆر بایەخم بە دەستوخەتەکە دەدا، هەمان شتیش بۆ ئەوانەی (هەزارمێرد) چونکە خۆم هەڵەچنیی بابەتەکانی خۆم دەکرد لەکاتێکدا ئەوانەی (ڕامان) هەڵەیان زۆر بوو ئەویش چونکە کەسانی تر هەڵەچنییان دەکرد ئەمەش جگە لەوەی گوێم نەدەدایە دەستوخەتەکە.

ئەگەر مەرجی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە دابنێین ئەوکاتە زیادەڕەویمان کردووە بەوەی ژمارەی پەنجەکانی ئەو دەستەمان بەپێنج زانیوە.

باسی وڕێنەنامەکان و سوود وەرگرتنی نووسەران لەو نەخوێندەوارییەی لە زۆر بواردا بۆتە مۆرکی ڕەسەنی کۆمەڵگەکەمان پرۆژەی بەرهەمێکی دیکەمە کە زووتر بەڵێنم دابوو بە خوێنەر بیخەمە بەردەستی.

بەڵام بەم نەهامەتییەی نووسەرانی نەشارەزاوە خودا خراپتری داوە! مەبەسەت هەندێك لەوانەی بڕوانامەی ((باڵا))یان هەیەو شتێك لەو نووسەرە نەشارەزایانە باشترن بەڵام کارەکەیان خراپترە چونکە ئەو بڕوانامەیەی هەیانە بۆتە قەڵغانێك بۆ بەرهەمەکانیان. ئێستاش پرۆژەیەکی نووسینی خۆم بریتییە لە دواترین بەرهەمی یەکێك لەمانەو کە بەشی هەرە زۆری لەبارەی مێژووی کۆنی کوردستانەوەیەو لاپەڕەی زۆری کتێبەکەیم بە ڕەخنە ڕەش کردۆتەوە. کارەساتەکانی نووسین لەناوماندا زۆرن، مێژووی کۆنی کوردستانیش ڕەنگە گەورترین بەشی وەرگرتبێت.

بەپێویستیشی دەزانم بڵێم کە بەتەواوی لە هەر هەڵەیەکی چاپ بەرپرسم چونکە هەموو کاری نەخشەسازیی ئەم کتێبەو کەمێك تایپ خۆم کردوومن و ئەمە وەکو نووسینەکانی ناو گۆڤارەکان نییە (بەتایبەتی گۆڤاری ڕامان) کە هەرچەندە کارمەندان خۆیان پێوە خەریك کردبوو بەڵام هێشتا هەڵەی چاپ هەر ڕوویان دەدا بە تایبەتی لە بابەتە یەکەمەکانم لە (ڕامان)دا، لەبەر ئەوە دیسان دەڵێم هەرچی هەڵەی چاپی ئەم کتێبە هەیە گوناهی کەسی تێدا نییە غەیری خۆم و چاوەڕێم جار لەدوای جار هەڵەی تێدا بدۆزمەوە، ئەمەش کێشەی هەمووماندە.

لەکۆتاییشدا کات و شوێنی شیاوی خۆیەتی سوپاسی کاك کۆزاد بکەم (کە لە بەغدا ماجستێری لە شوێنەوار هێنابوو و ئێستا لە هۆڵەندادا دەخوێنێت) کە بابەتی لەهەندەرانەوە بۆ خۆم و برادەرانی مۆزەخانەی سلێمانی ناردبوو و لەوانە تەنها ئەمانە دەژمێرم: کاك کۆزاد بابەتەکەی (ئورکیش)ی گۆڤاری (ڕامان)ی خوێندبووەوە کە تێیدا وتبووم بابەتەکەی تورۆ-دانجان: (لەوحەکەی سامەڕا)م دەستنەکەوتبوو و زانیارییەکانم لە سەرچاوەی ترەوە وەرگرتبوو، ئەویش ئەو بابەتەی بە تایبەتی بۆ ناردم و منیش لە (هەزارمێرد)دا وەرمگێڕاو لەم کتێبەدا هەیە. هەروەها دوو بابەتی: (سیموروم و زابان)و (شیکشابوم) کە دیسان وەرگێڕانی هەردووکیان لەم کتێبەی بەردەستاندا هەیە. بەشی (گوتیوم)یش لە یەکێك لە بەرگەکانی کتێبەکەی(فراین)یش سوودێکی بێئەندازەی هەبوو، بەهەمان شێوەش بەشی (سیموررووم)ی بەرگێکی تری هەمان کتێب، ئەمەش جگە لە بابەتی تر کە کەم تا زۆر سوودم لێوەرگرتوون.

بەپاڵ ئەمانەش و لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە ژمارەیەك سەرچاوەی بەسوودم دەستکەوت بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە (ئورکێش)ەوە هەیە، هەروەها ئەرشیفی تەواوی (شمشارە)...

ئێستاش ئەم کتێبە دەخەمە بەردەستی خوێنەر بە ئومێدی ئەوەی شتێك لەبارەی ئەو مێژووە کۆنەوە بزانێت، ئەم کارەش بە شوێنکەوتنی ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی زانستیو دوورکەوتنەوە لە وتنی شت لە خۆوە یان شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو کراوە. داواکارشم لە هەر کەسێك ئەم کتێبە بۆ نووسینی خۆی بەکاربهێنێت بەهەمان گیانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات: سەرەتا زانیارییەکان بە هەڵە نەقڵ نەکات وەك چۆن تێبینیم کردووە لە نووسینی هەندێك کەس کە زانیارییەکانی نووسینی دیکەی خۆمیان باش نەخوێندۆتەوەو بەهەڵە شتیان لێ نەقڵ کردووە، پاشان ئەو زانیارییانە بۆ خۆهەڵکێشانی نەتەوەیی بەکار نەهێنن. لێکۆڵینەوەی زانستیمان پێویستە نەك نەتەوەپەرستییەکی بەتاڵ.

## چەند تێبینییەك
## لەبارەی نووسینی مێخییەوە

ئەم تێبینییانە تەنها ئەوانەن پەیوەندییان بە هەندێك زانیارییەوە هەیە کە لەم کتێبەدا دووبارە دەبنەوە.

١- زاراوەی (هێماگۆڕین)مان داڕشتووە بۆ نووسینەوەی دەنگەکان بە ئەلفوبێی جیاواز. واتە کاتێك دەقێك بە مێخی (مسماری) نووسراوەو کەسێك هەمان دەق و بەهەمان ئەو دەنگانە بە ئەلفوبێی لاتینی یان هەر ئەلفوبێیەکی تر دەنووسێتەوە کاری (هێماگۆڕین)ی کردووە. ئەمەش بە **transliteration** یان **transcription** ناسراوە. نەشموت (پیتگۆڕین) چونکە وشەی (هێما) واتایەکی گشتیی هەیەو نووسینی مێخیو هاوچەشنەکانی (پیت)یان نییە بەڵکو بڕگە.

٢- زۆر جار دەقە مێخییەکان ڕەچاوی جیاکرنەوەی ڤاوڵی کورت و درێژ لە ناوەکاندا دەکەن، وەکو (ئە) و (ئا) و (ئا)ی درێژ. بۆ یەکەمیان لەکاتی هێماگۆڕین بۆ لاتینی هێمای a ی بۆ دەنووسرێت ، بۆ دەنگی درێژیش دوو هێمای ā و â ئەویش بەپێی ئەو بزوێنەی لەدوای a دا دێت. هەمان جیاکردنەوەش هەیە بۆ دەنگی (ێ): واتە e, ē, ê و دەنگی (و) u, û, ū . بەپێی تواناش ڕەچاوی ئەمەم لە نووسینی ناوەکان بە لاتینی کردووە، بەڵام نەمتوانیوە لە نووسینەوەیان بە کوردی بە درێژیی بزوێنەکان پابەند بم بۆیە کەم جار نەبێت بۆ هەموو ڤاوڵەکان ئەمەم نووسیوە: (ا) بۆ a و â و ā ، واتە جیام نەکردۆتەوە نێوان (ـە)و (ا)، هەروەها بۆ (ی) بە هەموو جۆرەکانییەوە ، زۆربەی کاتیش (و) بۆ u .

٣- لە هێماگۆڕیندا هێمای وەك á , à, è, é ... تاد هەن کە لە بڕگەکانی نووسینە مێخییەکاندا وەك mà, má, mé, mè .. تاد دەبینرێن. ئەمانە شێوازی دەنگەکە نیشان نادەن بەڵکو ژمارەی هێما مێخییەکەن. بۆ نموونە هێمای ma هەیە کە ژمارە یەکی بڕگەی (ما)یەو هێمای سەرەکییە، هێمای má ش هێمای ژمارە دووی (ما)یە، هێمای mà ش ژمارە سێیە، لە چواریش بەدواوە ژمارەیان بۆ دادەنرێت، واتە : $ma_4$ و $ma_5$ ....

بەپێچەوانەشەوە هێمای زۆر هەن کە زیاتر لە یەك خوێندنەوەیان هەیە وەکو ئەو هێمایەی بە (با)و (پا).. دەخوێنرێتەوە، یان هێمایەکی تر کە مێ me یە هەروەها (می)ی ژمارە سێیە mì و (شیب)و (شیپ)و (سیب)...تاد. ئیتر ئەم خوێندنەوانە یان لە یەك سەردەمدا هەبوون و یان هەر خوێندنەوەیەك لە سەردەمێکدا هەبووە.

ئەمە، واتە فرەبەهای فۆنەتیکی بۆ هەر هێمایەك و ئەوەی پێشوو واتە فرەهێمایی بۆ یەك دەنگ لەڕادەبەدەر لە نووسینی مێخیدا زۆرە بەڵام هێشتا بەهاو وهێمای تاك هەر هەن واتە یەك هێما بە یەك شێوە بخوێنرێتەوە.

٤- لە نووسینی مێخیدا دەنگەکانی ح،چ، ڤ، ۆ،... نین بەڵام هەندێك وشە بەهۆی شێوازی نووسینی تری غەیری مێخی دەنگی لەم جۆرەیان بۆ دانراوە وەکو ناوی خوداوەندی خوری تێششوپ کە ئێستا هەیە بە تێششوب دەیخوێنێتەوە یان دەنگی "ڤ" لە ژمارەیەك وشەی خوری. پێویستیشە بەو ڕێنووسە پابەند بین هەرچەندە ڕەنگە ئەو ئەگەرە بۆ زمانی گەلێکی دیاریکراو ڕاست نەبێت. بۆ نموونە ناوی شوێنێکی وڵاتی (لوللو) لە نووسینێکی ئاشوریدا هاتووە، با بڵێین چیای ئازیرو Aziru (ئەزمری ئێستا)؛ ئایا ئە گەلە چۆنی وتووە: ئازیرۆ، ئازیڕۆ، ئەزیرو یان هەر (ئازیرو) یان هەر شتێکی تر بووە؟ ئێمە ناتوانین ئەو حوکمە بدەین بۆیە پێویستە ناوەکە وەکو خۆی بنووسینەوە.

نموونەیەکی تر ناوی گەلەکە خۆی کە ڕەنگە لە ئەسڵدا (لۆلۆ) بێت بەڵام هەڵەیە لەخۆمانەوە بنووسین (لۆلۆ) چونکە جگە لەوەی ئەمە بۆچوونێکە بەڵگەی لەپشتەوە نییە، ئەم دەستکاریکردنە لەڕووی زانستییەوە هەڵەیە بەوەی کە پێویستە شێوازی نووسینی ناوەکە بپارێزرێت. ئیتر لە کاری ئەوانەی خۆمان هەر مەپرسە، ئەوانە بە ئارەزووی خۆیان دەنگەکانی (ۆ)و (ڕ)و (ڵ).. دادەنێن و دەبینی بۆ گوتیوم دەنووسن گۆتیۆم و سیمۆڕۆم لەجیاتی سیموررووم!

کاری هەندێك پسپۆڕیش بە هەڵە دەزانم کە ناوەکە لە وەرگێڕانی دەقەکاندا دەستکاری دەکەن. بۆ نموونە کاتێك ناوی (گوتیوم) لەدەقێکی دیاریکراودا بەشێوەی (گوتوم) دێت بەڵام بکرێتە (گوتیوم). ڕاستە شێوازی (گوتیوم) لە دەقی تردا هاتووەو شێوە بەربڵاوەکەیە بەڵام کاتێك مەسەلە وەرگێڕانی دەق بێت پێم ڕاست نییە شێوەی نووسینی ناوەکە دەستکاری بکرێت.

هەندێ ناویش بەشێوەی باویان دەنووسرێنەوە وەك زۆر لەناوی پادشا ئاشورییەکان کەناویان لەسەرچاوە عیبرییەکانەوە وەرگیراون و شوێنەوارناسان ئەوشێوازانە بەکاردەهێنن. بۆ نموونە ناوی تیگلاتپلاسەر ئەوشێوەیە کە لەسەرچاوە عیبرییەکاندا هاتووە لەکاتێکدا ناوەکە لەسەرچاوە ئاشورییەکاندا(توکولتی ئاپیل ئێشاررا)یە. لەم کتێبەشدا شێوە باوەکانم بەکارهێناوە.

٥-پیتی (کاپیتاڵ)ی هێماگۆڕین بۆ لاتینی ئەوە نیشان دەدات کە وشەکە یان ناوەکە بە سومەری وا دەخوێنرێتەوە، بۆ نموونە هێمای وشەی ژمارەی (بیست) کە بە سومەری دەنووسرێت NIŠ و بە ئەکەدی ešrā[1] . شێوازی یەکەم، واتە نووسین بە کاپیتاڵ، بۆ وشەیەکی ناو دەقێکی غەیری سومەری بەکاردێت کە ئەگەر وا بخوێنرێتەوە سومەرییە بەڵام بەپێی زمانی ئەو دەقە بە شێوەیەکی تر دەخوێنرێتەوە. ئەمە یەکجار زۆرە لە نووسینی مێخیدا ، نموونە لەسەر ئەمە وشەی (زیو) کە بە سومەری -KÙ BABBAR دەنووسرێت و دەخوێنریێتەوەو هەمان دوو هێماکە بە ئەکەدی بە kaspum دەخوێنرێنەوە[2].

---

[1] شێوەیەکی تری جیاکردنەوەی سومەری لە ئەکەدی ئەوەیە یەکەمیان بە پیتی (سمۆڵ)ی ڕێك دەنووسرێت و ئەوەی تر بە سمۆڵی لار.

[2] تێبینیی ئەوە بکە کە یەکەم پیتی ناوی شوێن و کەسان (کاپیتاڵ) دەنووسرێت و ئەمە پەیوەندیی بەو ئیعتبارانەی سەرەوە نییە.

بەکارهێنانێکی تری (کاپیتاڵ) بریتییە لە دەربڕینی نادڵنیایی لە خوێندنەوەی هێماکە چونکە وەك وتمان ئەو هێمایانە یەکجار زۆرن کە زیاد لە خوێندنەوەیەکیان هەیە. نموونەیەك لەسەر ئەوە ناوی پادشایەکی سیموررووم کە لە دەقێکدا بەم شێوەیە هاتووە: TAB.BA-an-da-ra-ah . (تاب)و(با) لێرەدا نیشانەی ئەوەن دوو هێماکە وا هاتوون بەڵام ڕەنگە بە شێوەی تر بخوێنرێنەوە کە هەندێك شوێنەوارناس بە (تاپ)و (پا) دەیانخوێننەوە بۆیە ناوەکە لایان دەبێتە تاپپان داراخ لەجیاتی تاببان داراخ.

## کورتکراوەی سەرچاوەکان[1]

**<u>AASOR VIII</u>**: E.A.Speiser, Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and Today, in; Annuals of the American Schools of Oriental Research, VIII, 1928.
**<u>Afo</u>**:Archiv für Orientforschung.
**<u>AKA</u>**: E.A.Wallas Budge, L.W.King: Annals of Kings of Assyria, vol.1, London, 1902.
**<u>ANET</u>**: Ancient Near Eastern Texts relating to the Old Testament, 1950, 3rd ed. 1969.
**<u>ARAB</u>**: D.D.Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, Chicago, 1-2, 1926-1927.
**<u>ARI</u>**: A.K.Grayson, Assyrian Royal Inscriptions, 1-2, 1972-1976.
**<u>ARM</u>**: Archives Royales de Mari, Paris, 1950ff.
**<u>BM 26</u>**: Giorgio Buccellati and Marylin Kelly Buccellati (editors), Bibliotheca Mesopotamica, Vol.26, Urkesh/Mozan Studies 3, Urkesh and the Hurrians, Studies in Honor of Lloyd Cotsen, Undena Publications, Malibu, 1998.
**<u>BASOR</u>** :Bulletin of the American Schools of Oriental Research
**<u>CAD</u>**: Chicago Assyrian Dictionary.
**<u>EhS</u>**: I.Wegner,Einführung in die hurritischen Sprache, Wiesbaden, 2000.
**<u>Gelb, New Light</u>**: I.J.Gelb, New Light on Hurrians and Subarians, Pubblicazioni dell'Istituto per l'Oriente, Nr.52, Studi Orientalistici in Onore di Giorgio Levi della Vida, Vol.1, Roma, 1956.
**<u>HS</u>** : I.J.Gelb, Hurrians and Subarians, Chicago, 1944.
**<u>HI</u>**: E.A.Speiser, Introduction to Hurrian, AASOR, 20, 1940.
**<u>HSS</u>**: Harvard Semitic Series.
**<u>IRSA</u>**: E.Sollberger, J-R. Kupper, Inscriptions Royales sumeriennes et accadiennes, Paris, 1971.
**<u>JAOS</u>**: Journal of the American Oriental Society.
**<u>JNES</u>**: Journal of Near Eastern Studies,
**<u>KB</u>**: Keilinschriftlische Bibliothek.
**<u>Labat</u>**: René Labat, Manuel d'Épigraphie Akkadienne, 5ième ed., 1976.
**<u>MDOG</u>**: Mitteilungen der deutschen Orient-Gesellschaft.
**<u>MDP 11</u>**: V.Scheil, Délégation en Perse, mémoires, 11, Paris, 1911.
**<u>MSP4</u>**: J.de Morgan, Mission Scientifique en Pers, tome 4, Paris, 1896.
**<u>Nomades</u>**: J-R.Kupper, Les nomades en Mésopotamie au temps des rois de Mari, Paris, 1957.
**<u>OLZ</u>**: Orientalistische Literaturzeitung.
**<u>OR NS</u>**: Orientalia, Nova Series.
**<u>RA</u>**: Revue d'Assyriologie et d'Archéologie Orientale.
**<u>RGTC 2</u>**: D.O.Edzard, G.Farber, Répertoire Géographique des Textes Cunéinformes, 2, Wiesbaden, 1974.
**<u>RGTC 3</u>**: Brigitte Groneberg, Répertoire Géographique des Textes Cunéinformes, 3, Wiessbaden, 1980.

[1] ئەم کورتکراوانە لە لایەن شوێنەوارناسانەوە پەیڕەو دەکرێن چونکە وا باوە بەو کورتکراوانە ئاماژە بۆ کتێب یان گۆڤارەکان بکرێت لەجیاتیی ئەوەی هەموو جارێك ناوی تەواوی کتێب یان گۆڤارەکە بنووسرێت. کەمێك لەمانە لە دانانی خۆمن. گۆڤار هەیە کورتکراوەی نییە وەکو Iraq ، Syria ... ئەوانەی سەرەوە هەموو ژمارەی سەرچاوەکان نیشان نادەن چونکە زۆر لەو گۆڤارانە سوود لە بابەتی جیاجیایان وەرگیراوە.

***RIME 2***: D.R.Frayne, The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Early Periods vol.2, Sargonic and Gutian Periods (2334-2113 B.C.), University of Toronto Press, 1993.
***RIME 4***: D.R.Frayne, The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Early Periods vol.4, Old Babylonian Period (2003-1595 B.C.), University of Toronto Press, 1990.
***RISA***: G.A.Barton, The Royal Inscriptions of Sumer and Akkad, New Haven, 1929.
***RLA***: Reallexikon der Assyriologie.
***ShA 1***: J.Eidem, J.Læssøe, The Shemshara Archives, 1, The Letters, The Royal Danish Academy of Sciences and Letters, 2001.
***ShA 2***: J.Eidem The Shemshāra Archives, 2, The Adminstrative Texts, The Royal Danish Academy of Sciences and Letters, 1992.
***Sh.T.***: J. Læssøe, The Shemshara Tablets, a Preliminary Report, Copenhagen, 1959.
***SKL***: Th. Jacobsen, Sumerian King List, Chicago, 1939.
***Streck***: M.Streck, Das Gebiet der heutigen Landschaften Armenien, Kurdistân, und Westpersien nach den babylonisch-assyrischen Keilinschriften, in; ZA, 15, 1900.
***Suleimania***: A.Billerbeck, Das Sandschak Suleimania und dessen persische Nachbarlandschaften zur babylonischen und assyrischen Zeit, Leipzig, 1898.
***ZA(N.F.)***: Zeitschrift für Assyriologie und verwandete Gebiete(Neue Folge).

## کورتەیەک لەبارەی
## سەردەمە مێژووییەکانی وڵاتی دووڕوبارەوە

مێژووی کۆنی کوردستان و وڵاتی دووڕوبار[1] تا ڕادەیەکی گەورە تێکەڵ بە یەکن و جگە لە پەیوەندییەکانی جەنگ و ئاشتیو بازرگانی.. لەنێوانیاندا، نووسراوەکانی وڵاتی دووڕوبار سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری زانیارییەکانمانن لەبارەی ئەو مێژووەوە، لەبەر ئەوە ناسینی سەردەمەکانی وڵاتی دووڕوبار زۆر پێویستە بۆ دروستبوونی وێنەیەکی ڕوون بۆ خوێنەری ئەم کتێبەو هەر نووسینێکی هاوچەشنی تر. دیارە لێرەشدا دەتوانم تەنها زۆر بەکورتی ئاماژە بۆ ئەو سەردەمانە بکەم، هەروەها تەنها سەردەمە مێژووییەکان دەژمێرم لەبەر ئەوەی ئەوان بۆ مەبەستەکانی ئەم کتێبە گرنگن.

ئەو سەردەمانەی کۆنترن ژمارەی ساڵەکانیان تەقریبییە ، کۆنترین ژمارەی وردیش کە زانرابوو ساڵی (٧٦٣ پ.ز) بوو ئەویش بەهۆی باسکردنی ڕووداوی ڕۆژگیران لەلایەن ئاشورییەکانەوە، پاشان بە حسابکردنی ساڵەکانی حوکمی پادشا ئاشورییەکان کە لە دەقەکاندا هاتوون پسپۆڕان توانییان ساڵەکانی پادشا پێشووەکانی ئاشور تا ساڵی ١٧٠٠ بزانن . بەڵام ئەم حسابە وردە زەحمەتە بۆ پادشایانی پێشتری سومەرو ئەکەدو بابل و ئاشور بۆیە پسپۆڕان مێژووی جیاوازیان هەیە کە لەم کتێبەدا ئەو مێژوودانانە وەرگیراوە کە پێی دەوترێت مێژوودانانی ناوەڕاست Middle Chronology و کە تێیدا ساڵەکانی حوکمی حامورابی بە ١٧٩٢ تا ١٧٥٠ پ.ز دانراوە، ئەم مێژوودانانەش جێگەی قبووڵی پسپۆڕانی زۆرە.

١-سەردەمی گزنگی بنەماڵەکان یاخود سەردەمی کۆنی بنەماڵەکان Early Dynastic Period (عصر فجر السلالات): دەوروبەری ٢٩٠٠ یاخود ٢٨٠٠ پێش زایین تاکو دەوروبەری ٢٣٧١ پێش زایینی خایاند. ژمارەیەک شار لە باشوورو ناوەڕاستی وڵاتی دووڕوبار هەریەکەیان دەوڵەتێکی بۆ خۆی پێکهێنابوو، بە زۆری ئەمانە سومەری بوون.

٢-سەردەمی ئەکەدی : شارروکین (سارگۆن)ی ئەکەدی دەوڵەتی یەکگرتووی وڵاتی دووڕوبار پاشان ئیمپراتۆریەتی ئەکەدیی پێکهێنا. بنەماڵەی سارگۆن لە ٢٣٧١ تا ٢٢٣٠ پ.ز حوکمی کرد پاشان ژمارەیەک پادشا هاتن بەر لە پەلاماری گوتی. زمانی ئەکەدی دەبێتە زمانێکی جیهانی بۆ نووسین و تا دوایەمین سەردەم مایەوە، بێگومان گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو. جگە لە سارگۆنی دامەزرێنەر؛ نارام سین پادشای دەرکەوتووی ئەو بنەماڵەیە بوو.

٣-ماوەی فەرمانڕەوایی گوتی :(١٢٥) یان (٩١) ساڵ پاش سەردەمی ئەکەدی بوو، ڕەنگە کەمتریش لەوە دەسەڵاتیان لە وڵاتی دووڕوباردا هەبووبێت[2].

٤-بنەماڵەی سێیەمی ئور(٢١١٢ – ٢٠٠٤ پ.ز) : (ئوتوخێگال)ی شاری (ئوروك)ی سومەری بۆ حەوت ساڵ و نیو پاش شۆڕشێك دژی گوتییەکان حوکمی کرد ئینجا بنەماڵەی سێیەمی شاری (ئور)ی سومەری دەوڵەتی یەکگرتووی وڵاتی دووڕوبار دامەزراندەوە بەڵام دەسەڵاتەکەی زۆر لە هی دەوڵەتی ئەکەدی کەمتر بوو. پێش کۆتایی بنەماڵەکەو دوای ئەوە شاڵاوی ئامورییەکان ڕووی کردە وڵاتی دووڕوبار و توانی پاش ماوەیەك پێکهاتەی دانیشتوان بگۆڕێت. بنەماڵەکەی ئور لە سێ لاوە کێشەی هەبوو: باکوورو باکووری ڕۆژهەڵات (کوردستان)، ڕۆژئاوا (ئامورییەکان)، ڕۆژهەڵات (ئێلام) کە ئەم بوو حوکمی بنەماڵەکەی نەهێشت.

٥-سەردەمی بابلیی کۆن (٢٠٠٤ – ١٥٩٥ پ.ز) : بەشی یەکەمی سەردەمەکە بە سەردەمی ئیسن-لارسا ناسراوە. وەکو سەردەمی گزنگی بنەماڵەکانیش ژمارەیەك "شار-دەوڵەت" پێکدەهێنرێن تا حامورابی (١٧٩٥-١٧٥٠) دەوڵەتی یەکگرتوو دادەمەزرێنێت. پادشاکانی ئەو دەوڵەتانەش بە زۆری ئاموری بوون. لەو سەردەمەدا سومەرییەکان بۆ تا هەتا دەوری سیاسییان نامێنێت و بەرەبەرە وەکو نەتەوە دەتوێنەوە بەڵام بایەخێکی زۆر بە زمانەکەیان و بەرهەمە سومەرییەکان دەدرێت. تا پانزە سەدەش دوای ئەوە شارەزایانی نووسین زەمانەکەیان هەر دەزانن.

---

[1] بەناچاری ئەم جیاکردنەوەیەم لەنێوان "کوردستان"و "وڵاتی دووڕوبار" کردووە کە ئەمە جیاکردنەوەیەکی ڕاست نییە چونکە بەشێکی کوردستان دەکەوێتە ناو وڵاتی نێوان دووڕوبار، دیجلەو فوراتیش جگەلەوەی بەخۆیان و لقەکانیانەوە لەکوردستانەوە هەڵدەقوڵێن کوردستان بەشێکی ئەو زەوییانە پێکدەهێنێت کە بەناویاندا دەڕۆن.

[2] زانیاری لەبارەی ئەو سەردەمەوە لە بابەتی: پادشا گوتییەکان و نووسراوەکانیان لە کتێبەدا هەیە.

٦-سەردەمی بابلیی ناوەڕاست (١٥٩٥ - ٦٢٦پ.ز): خاتتییەکان لە ئەنادۆڵەوە هێرش دەبەن و شاری بابل دەگرن و کۆتایی بە بنەماڵەکەی شارەکە دەهێنن بەڵام زوو پاشەکشە دەکەن و کاششییەکان وڵاتی بابلیان دەکەوێتە دەست و بۆ نزیکەی چوار سەدە حوکمی وڵاتی دووڕووبار دەکەن ، بەڵام پێویستە ماوەی چەند پادشایەکی یەکەمی کاششی لێ دەرچێت کە هێشتا بابلیان نەگرتبوو هەروەها لە بەشی زۆری سەردەمەکان ئاشوریان لەژێر دەستدا نەبوو. بۆ ماوەیەکیش ئاشور بابلی گرتبوو بەڵام کۆتایی حوکمی کاششییەکان لەسەر دەستی ئێلامییەکان بوو. هەر زووش ئێلامییەکان دەرکران و ژمارەیەك بنەماڵە دامەزران کە ئاشورییەکان لەو سەردەمەدا بۆ ماوەیەك وڵاتی بابلیان گرتبوو. لە سەدەی (١١ پ.ز)شدا شاڵاوی ئارامییەکان ڕووی کردە ناوەڕاست و باشووری وڵاتی دووڕووبارو ئەوان توانییان پێکهاتی دانیشتوان لە وڵاتی بابلدا بگۆڕن.

٧-سەردەمی بابلیی کۆن ٦٢٦ - ٥٣٩ : پاش ماوەیەکی زۆر لە حوکمی ئاشوری بابل سەربەخۆ بووەوەو پێکەوە لەگەڵ مادەکان کۆتاییان بە دەوڵەتی ئاشور هێنا. پادشای دیاری ئەو سەردەمەش نەبوخەدنەسەری دووەم (نابو کودوری ئوصور) بوو.

ساڵی ٥٣٩ پ.ز وڵاتی بابل کەوتە دەستی هەخامەنشییەکان و تا ٣٣١ پ.ز لەژێردەستیاندا مایەوەو لەوە بەدواوە دەکەوێتە ژێر دەستی ئەسکەندەری مەکدۆنیو جێنشینەکانی. لەکاتی هەخامەنشییەکانیش بە دواوە چیتر پادشایەکی خۆماڵی حوکمی وڵاتی دووڕووبار نەکردو کۆتایی بە سەربەخۆیی سیاسی و شارستانیی وڵاتەکە هات.

سەبارەت بە ئاشورییەکانیش سەردەمەکانیان بەهەمان جۆر سێ سەردەمن:

١-سەردەمی ئاشوریی کۆن (دەوروبەری ٢٠٠٠ - دەوروبەری ١٥٠٠) : دەوڵەتی دیاری ئەو سەردەمە ئەوەی شامشی ئادادای یەکەم (١٨١٣-١٧٨١پ.ز) پێکیهێنابوو.

٢-سەردەمی ئاشوریی ناوەڕاست (١٥٠٠ - ٩١١) لەسەدەی (١٥)دا ئاشور بۆ نزیکەی سەدەو نیوێك کەوتە دەستی میتانییەکان، پاشان لەسەردەستی ئاشور ئوبالیطی یەکەم (١٣٦٥ - ١٣٣٠) سەربەخۆبوو. ئەو سەردەمە پادشای بەهێزو لاوازی بە خۆوە دی.

٣-سەردەمی ئاشوریی نوێ (٩١١ - ٦١٢ پ.ز): ئەو سەردەمە ئەوپەڕی فراوانکاریی ئاشورییەکانی بەخۆوە بینی. ساڵی (٦١٢) دا مادەکان و بابلییەکان نەینەوایان گرت و چیتر ئاشورییەکان پاش ئەوە دەرنەکەوتنەوە.

**کوردستان و سەردەمەکانی:**

لەبەر ئەوەی پەرتەوازەیی بەسەر کوردستاندا زاڵ بوو ئەویش بەزۆری بەهۆی ئەوەی وڵاتێکی شاخاوییە ، دەوڵەت ناناسین جگە لە هی مادەکان و پێشتر هی میتانییەکان توانیبێتی کوردستان یان بەشێکی گەورەی لەخۆ بگرێت.

ئەگەرێکی بەهێزیشە دەوڵەتی وا پێش ئەمانە هەبووبن (ڕەنگە بتوانین "خامازی" بژمێرین) بەڵام جگە لەوەی شتێکی ئەکیدمان لەم بارەیەوە نییە، پێدەچێت دەوڵەتی سەرتاسەری ئەگەر هەبووبێت تەمەنی کورت بووبێت لەکاتێکدا دەوڵەتە ناوچەییەکان، هەر وەك ئەمارەتەکانی سەردەمە ئیسلامییەکان، تەمەنیان درێژتر بووەو تەنانەت بۆی هەیە دەوڵەتی لەم جۆرە سەدان ساڵ ژیابێت. لەبەر ئەمە ناتوانرێت سەردەمەکان بەو شێوەیەی بابل و ئاشور جیابکرێنەوە بەڵکو دەتوانرێت پۆلێنی تر بکرێت وەکو ئەمەی خوارەوە:

١-سەردەمی گروپی یەکەمی گەلانی کۆنی کوردستان : لوللوییەکان (ناوچەی سلێمانی و شارەزوورو دەوروبەریان)و گوتییەکان (باشوورتر لەوان، ڕەنگە ڕۆژئاوا ... ئەمە ئەکید نییە) کاششییەکان (ناوچەی لورستان)، خوررییەکان (سەرەتا کوردستانی باکوورو پاشان گەشتنە زێی دوکان هەروەها گەشتنە کەرکوك و دەوروبەری)... کە ئەمانە گەلانی سەرەکی بوون ، پێش ئەوانیش نازانرێت کێ لە کوردستاندا دەژیا. سەبارەت بە سوبارییەکانیش کێشەیەکی کۆن هەیە کە ئایا گەلێکی سەربەخۆ بوون یان نا.

٢-سەردەمی گروپی دووەمی گەلانی کۆنی کوردستان: باوەڕێك هەبووە کە لە دەوروبەری ٢٠٠٠ پێش زایین کۆچی گەلانی هیندوئەوروپایی (یان ڕاستتر شاڵاوی یەکەمیان) ڕووی کردە کوردستان و ئێران و ئاسیای بچووك بەڵام کاری ئەوانە لەسەر گروپی یەکەم زۆر درەنگ دەستی پێکرد؛ پێدەچێت پاش (٦١٢پ.ز)، واتە پاش هەرەسی دەوڵەتی ئاشورو گرتنی کوردستان لەلایەن مادەکانەوە، بەڵام بەڵگەشمان هەیە لەسەر ئەوەی زووتر لەمە، واتە پێش نزیکەی دوو یان سێ سەدە، کاریان کردبووە سەر گروپی یەکەم.

کوردیش بەشێوەیەکی گشتی لە تێکەڵەی ئەم دوو گروپە دروست بووە. تا ئێستاش ژمارەیەك وشەی گروپی یەکەم کە زمانەکانی هیندوئەوروپایی نین (سەر بە هیچ کۆمەڵەیەکی زمانی تری ناسراویش نین) لەناو زمانی کوردیدا، کە زمانێکی هیندوئەوروپاییە، ماوە.

پاش تێکەڵبوونی مادەکان و گەلانی کۆنتر دیار نییە ئەگەر هیچ گەلێکی نوێتر توانیبێتی کار بکاتە سەر ئەو تێکەڵەیە. تا ئەم کاتەش لێکۆڵینەوە نییە سەبارەت بە کاری ئەشکانییەکان و پاشان ساسانییەکان لەسەر زمانی کوردی.

